# دوا چاوەڕوانی

نەجات روستی
rosti@maktoob. com

بەرلەوەی بگەمەوە بەردەرگایان لە پەنجەرەی ناوەراستی قاتی دووەمی مالەکەیان لایەکی پەنجەرەکەی کردەوە . چاوم لیبوو شنەبایەکی فێنکی تازە بەهار. . نەرم نەرم ئەیدا لە قژە کاریەکەی، هەرکە چاوی بەمنکەوت بەپەلە هاتەخوارەوەلەبەردەرگای مالەیان بە چاوێکی پرلە فرمێسکەوە چاوەڕێی گەیشتنی منی دەکرد، کەگەیشتمە نزیکی هەستم دەکرد باڵەکانی ئارەزوی باوەشمی دەکردولیوەکانی هەلپەزەی ماچی لێوەکانمی دەکرد، هەمووئەوە حەزانەی لەگەڵ گەیشتنم . بەدیواری شەرم، شورایەکی پتەوی دروست کرد . بەشەرمەوە پێیوتم بۆ دواکەوتی...ببورە ئوتۆمبێلەکەم درەنگ گەیشت، بە زەردە خەندەیەکەوە دەبوایە ئەمرۆ لەرۆژان زوتربهاتبایە نەتدەزانیمن چاوەڕێت بووم. وایە واشبڕیار بوو. بە هەرحال بابچینە ژورەوە، ویستم لەپێشەوە ئەو بچێتە ژورەوە. من شارەزای ژورەکانی ماڵەکەیان نەبووم، دەستی راکێشام وبەپێشخویدام لەدەروازەیچونە ژورەوەمان، دایکە ڕوخۆشەکەی . بە فەرموو . . فەرموو داوای لێکردم بچمە ژورەوە . لەژوری میوان لە بەرامبەرم دانیشت، کەوتینە گفتوگۆو باسیلابەلا خەریك بوو بابەتە سەرکییەکەمان لەبیردەچوو دایکیچاوێکی تێبڕیم وسەیرێکی سەیرانی کردو ووتی بەیارمەتی ئێوە من دەچم بۆ مالی ئایشێی خوشکم . کچەکانی تر تۆزێکی تردێنەوە بەرلەوەی بێنەودەبێت بگەرێمەوە چونکە دەزانم برسیانە، سەیرانیش ناتوانی هیچیان بۆ ئامادە بکات، دوای ئەوەی دایکی رۆیشت وبەجێیهشتین . بەچاو تێبرینکی قوڵەوە سەیری نیوچاوانی یەکتریمان دەکردزۆرهەستم بە پاکی ئەودەکرد. دوای وتی لە کوێوە دەست پێبکەین . . ئارەزوی تۆیە . . گوێم بۆ تۆ شلکردوە، چی لەسەرمنە بابیکەم بەڵام، ڕاچاوی باری دارای من بکەچونکە وەك پێشترباسم کرد تواناى مادیم سنورداره، رەنگە لە ئایندەش ئەم سنوردارەش نەمێنی بتوانم ئەوەی دەتەوێ بیکەم . بەبزەیەکی لێوانیەوە، نا. . نا . ئێستا هەموو شتیکم دەوێ، بەپێکەنینەوە ئەمانە هەمووی شتیلاوەکین . ئەوەی لای من گرەنگە لەیەکتر گەیشتن وگونجانە وابزانم لەم ڕوەشەوە گرفتمان نیە . کەواتە هەموو شتێك بە دڵی خۆمان دەبێت. وایە ...منیش ئەمانەم بەلاوە گرنگە . ئێستا من کەی ئامۆژنم بنێرم . . ئامۆژن بۆ ئەی دایکت . . ببورە دایکم لە شارێکی ترەووناشمەوێ بەم کارە بزانی تا هەموو شتێك تەواودەبێت، بۆ. . ئەتوانین دوای قسەی لێبکەین . . کەواتە کێشەتان هەیە . نا . . نا . ئەو بۆ خۆی دەژی ومنیش دەمەوێ بۆخۆم بژیم . دیاربو لەوقسانەی منەوە کەوتە گومانەوە...تۆزی داماو . . ها چیتە دڵنیانیت لە قسەکانم، بە تەتەڵەوە . . نا. . نا نامەوێ بێمەناوژیانیتایبەتیتان، بەڵام ئەتوانی زیاتر زانیاریم لە سەرخێزانەکەتان بزانم . بەڵێ بۆ. . نا . من تەمەنم دوانزە ساڵان بوو باوکم بێسەرو شوێن بوە تائێستاسوراخی نازانم، دایکیشم چاوەرێ هەواڵی باوکمی نەکردوو. شوی بەپیاوێك کردووە . تا. . . ئێستاش ناییناسم ونازانم کێیە . مامیشم منی بەمنالیەوە بردۆتە لای خۆی، بەخیوی کردووم تا خوێندنم تەواو کردو گەورەبووم . دوای مامم پێیووتم ئەتوانی لە مەولا بەتەنیابژی و چارەیەك لە خۆت بکە . چونکە من کچی عازەبم هەیە وخانوەکەشمان بچووکە چیتر ناتوانم شوێنت بۆ دابینبکەم شوکرئێستاش گەورەبوی دەتوانی لە شوقەیەك بژی . من هاوکاریت دەکەم تا خۆت دەگری دەبیتە خاوەنی ماڵەکەت . هەرچەندە بەوبڕیارەی مامم زۆر نیگەران بوم بەلام ناهەقی ئەویش ناگرم چونگە حالەتەکەوایە . هەرچەندە پێشنیاری ئەوەشی خستۆتە بەردەمم کەیەکێك لە کچەکانی بکەمە هاوسەری خۆم بەڵام، چونکە لە منالیەوە لە گەلیەلیان ژیاوم ...هەموویان وەکوخوشکم وان . مامیشم وادەزانی من بە کچەکانی ئەوەڕازینابم. نیگەرانبوە لێم هەرچەندە من ئێستا ماوەی دووساڵە لە گەڵیان ناژیم لە شوقە ژیان بەسەردەببم . بەڵام ماڵێ مامم هەربە ماڵی یەکەمی خۆمی دەزانم . لەهەفتەیەك دا زیاتر لە سێ جارسەردانیان دەکەم . نازانم قەناعەتت هات . . حەزم کرد ئەم زانیارانەم زانی چونکە دەبێت بە دایکم بلێم بۆئەوەی ئاگاداری هەموو شتێك بێت، بەرلەوەی کارەکەمان ئەنجام بدەین . بەڵام دڵنیابە ئەمە تەنها نیوانیمن وتۆودیکمە تەنانەت باوکیشم نابی بزانێ. زیاتر بەو قسانەت هۆگرت بووم وزیاتر لایمن خۆشەویستربویت چونکە زور دەردەسەریت لەژیانتا بینیوە بەڵام دەبێت لە ئایندە ژیانێکیجوان وپڕلەشادی وکامەرانی دڵنیابە تەنها مالێکی سادەم دەوێت وهیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نیەتەنها دەمەوێ بە ئاسودەیی بژین . بەم قسەییەی زۆر دڵشادی کردم

وزیاتر هانی دام بۆ ئەوەی پەلە بکەم لە کارەکەم، ئەورۆژە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کەلە سەرەتای هەفتەی داهاتوو ئامۆژنم بنێرمە ماڵەوەیان وداوای بکەم، ئیتر کاتمان کردەیەکی دوای نیوەرۆ، ئەورۆژە کات زۆربەخێرای دەڕۆیشت دووکاتژمێربەیەکەوەبوین وام دەزانی تەنها دوو دەقیقەیە بەیەکەوین، ئای. . کە ئاسودەبووم، سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کردو داوام کرد کە دەمەوێ بڕۆم و کاتمان درەنگ کرد، زۆر هەوڵیدا کە نیوەرۆیەکەی لەلای ئەوان بمێنمەوە، زۆم حەز دەکرد، بەڵام ترسم لە چاوانی بەدیدەکرد، بەرەو ماڵەکەیان هەنگاوم نا . . تا دوادەرگای ماڵەکەیان یاوەری کردم دوای بەچاوێکی پڕلە فرمێسك ووتی چاوەڕوانم بەڵام بەرلەوەی بێن بە تەلە فۆن ئاگادارم بکەرەوە تاخۆمان ئامادەبکەم .... بەدڵنیایەوە ئاگادارتان دەکەمەوە دوانگای جیابونەوەم بەدلێکی پڕلە سۆزەوەتێپڕی، بەرو شەقامی سەرکی ملی ڕێگام گرتەبەر بۆ ئەوەی بگەمە گۆرەپانی پاسەکان تابەروماڵی مامم بڕۆمەوە ونیوەرۆیەکەی لەماڵی ئەوان بم وباسەکەوشم لەگەل مامم و ئامۆژنم باسبکەم بۆ ئەوەی بەرنامەیەك دابنین وڕۆژێك دیار بکەین بۆ ئەوەی. سەردانیان بکەین وئیتر کۆتای بەژیانی تەنیایی بهێنین وببین بەخێزانیکی بەختەوەر، لەگەڵ نزیکبونەوەم لە وئیستگەی پاسەکان بووبە نیوەرۆیەکی درەنگ، سەیری پاسەکەم کرد کەسی تیانەبو ویستم لەدەرەوەی پاس چاوەڕێبکەم، چونکە ناو پاسەکە گەرم بوو، بەڵام دەرەوە زۆرگەرم تربو، نەمزانی دەرونم گەرمە یان سروشتی ئەورۆژەوابوو . پاش چاوەرێکردنێکی کەم . خانمێك بەجلێکی سەرنج راکێشی رەشەوە لەپاسەکە سەرکەوت، بۆئەوەیکە شوفێری پاسەکە بزانی دوونەفەری تێدایە منیش سەرکەوتم، لە نزێك ئەوشۆخەجوانە دانیشتم، سەیرێکی کردم و سەیرکی کاتژمێرەکەی دەستی کردووتی تۆبڵی بروا زۆر گەرمە ...ووتم لەوەناچی چونکە جاری واهەیە یەك نەفەری دەمێنی نارِوا، چون بەدوو نەفەر دەڕوات ؟ سەیرێکی کردم. . ئەی چی بکەین واباشە بە تەکسی بڕۆم ...پەڵەمەکە بەڵکۆ نەفەری تربێت بڕوات، ئەم زانی نەفەرەکان ناهێن چونکە کاتی نیوەڕۆیە سروشتی ئەویش وابو لەنیوەرۆیان بەتایبەتی لە دوای کاتژمێر 2ی دواینیوەرۆ تەنها شوفێری پاسەکان کاسبکاران لەوێ دەمانەوە. ماوەکی تری چاوەروانی. . شۆخەکە هەڵساله پاسەکە دابەزی، بەروشەقامی بەرامبەر ویستگەکە دابەزی . بەرەوشەقامی بەرامبەر رۆیشت من هەر لە خەیاڵی دەزگیرانەکەم بووم . . چون بتوانم لە ماوەیەکی کەم دا هەموو شتێك، ببڕمەوە . لە پرێکدا جابیپاسەکە هاتە سەرەوە . . مامۆستا نارۆین، لە گەڵ بیستنی قسەکانی تەخت وتاراجیخەیاڵم ڕوخا و منیش وەکو شۆخەکە دابەزیم و بەو گەرمایە ملی ڕێگام گرتەبەر بۆ شەقامی سەرەکی بۆ ئەوەی بەتەکسی بگەمە شوێنی مەبەست . لەگەل گەیشتنم بۆ ماڵی مامم بەدڵخۆشیەکی بێهاوتا لە دەرگای دەرەوە بە گۆرانی بەرەو ڕوی رۆیشتم . ئامۆژنم ووتی خێربێت ئەمرۆ شتێك بووە . نا...نا هیچ نەبوە لە مرۆوە ژیان خۆی نوێدەکاتەوە . . یا خواوابێت، جارێ برۆنانەکەت بخۆ...بەلێ دوای یەك کاری گرنگم پێتە ئامۆژن گیان . باشە ئەزانم بەبرسیتیەوە ناتوانی بەدرێژی باسی بکەی نانەکەت بخۆ . دوای چی دەڵی بەسەر چاو... خۆشم نەمزانمی چۆن نانم خوارد بەپەلە چومەوە لای ئامۆژنم هەمووشتێکم بۆ باس کرد، ئەویش هەرچەن دەیویست کچەکەی ئەو بکەمە هاوسەرم لە دلێ گرانبوو بەلام، نەیویست دڵم بشکێنی، ووتی بەسەرچاو لە هەفتەی داهاتوو لە گەڵمان وەرە ماڵەکەم نیشان بدە، وەیبەسەرچاو. بۆبەیانی پێشنیوەڕۆ تەلەفۆنم بۆ کرد. خوشکە بچوکەکەی تەلەفۆنەکەی هەلگرد. . نەمزامزانی ناویچیە بەترسەوە پێم ووت سەیرانخانم دەوێ ئەگەر بەئەزیەنینازانی بۆم بانگ بکە. . بەسەرچاو . . پاش چاوەڕوانیکی دوودەقیقەیی گوێم لەدەنگەناسکەی سەیران بوو. . پاش هەواڵپرسین، ووتم سەیران گیان رۆژی پێنج شەمە ئامۆژنم دێتەماڵیتانبەدایکت بلێ . . بەخۆشیەکی زۆرەوە ...تۆخوا یا خوا بەخێربێن. بەسەرچاوان. دوایئەوەی پێم ووت ویستم کەسیان لەماڵەکەیان نەزانی من

بۆم زو کوتایمانبەقسەکانمان هێنا. بۆ رۆژی پێنج شەمە بەتەکسیك ئامۆژنم وخالۆژنم بەتەکسیەك بردە بەردەرگای ماڵیان . . بەرلەوەی بمانبینن خیرا بەتەکسیەکەرۆشتم بۆ بازار . لەوێ تەلە فۆنیکم بۆ سەیران کرد . . باسی ئەوێم لێپرسی زۆر دڵیی خۆشکردم . بەئاسودەیی گەڕامەوە مالەوەمان کەمنی بینی یەکسەرخەندەیێك گرتی ووتی وەرە یارەبی پیرۆزبێتت رۆلەمالێکی زۆر باشن کچەکەش شایەنی خۆتە، رازیبون ووتیان کەیدێنەوە دەتان خەینەسەرچاوان، لەو رۆژەکەوتمە خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی رۆژێك دیاری بکەم بۆ ئەوەی ناویخوایلێبهێنین...دوای یەك هەفتە رۆژێکم دیاری کردو تەلەفۆنم بۆ سەیران کردەوەپێم ووت رۆژی هەینی دێین بۆ مالەوەتان...خوتان ئامادەبکەن. بەلێباشە چاوەڕوانتان دەکەین. لەماوەی چواررۆژ هەمووشتەکانم تەواوکرد. . ئیوارەکەیرۆژی هەینی هەموو ئەوکەسانەی ئاگادارم کردبوونەوە ئامادەبوون . بەنیاز بووین برۆین بۆ ماڵی سەیران

. لەژورەوە منالکارێکی خزممان نامەیەکی بۆ هینام ووتی ئۆتومبێك هینای ووتی بیدەنە دەست خۆی . . کەکردمەوە نامەیەکی تیدابوو لەگەل چەند وێنەیەك کە سەیری وێنەکانم کرد . . ئەقلم تێکچوو وینەی سەیران بوون لە ناو ئوتومبێلێك لە گەل کورێك دەمیان لەناو دەمی یەکترنابو لەباوەشی یەکتردابوون . وینەی ترم سەیرکرد لەناو دارستانیك لەگەلٚ هەمان کەس دانیشتبوو دەستیان خستبوە سەرشانی یەکتری وچەند وێنەکی تری تەنیایی سەیران . دوای بە پەلە کەوتمە خوێندنەوەی نامەکە . . بەم شێوەیە نوسرابوو

کاك (.......) سلاٚو وەك زانیومانە بەنیازی سەیران بخوازی . ئەم کچە بەدڕوشتە لەماوەیچەند سالی ڕابردوو لە گەلٚ چەنین کەس پەیوەندی هەبوە زۆربەی پەیوەندەکانیش سێکسی بوون من ماوە سالێك پەیوەنیم لە گەلی هەبوە هەمووشتێکم لەگەلٚ کردووە تالێکی ڤژی نەماوە دەستی منی بەرنەکەوتبێت . چەندین جار بردومەتە دەرەوەی شار دووسعات تا سێ سعات لە گەلٚم ڕابواردوە . بەبیانوی فێرکرنی سەیارە . چەندین جار لە دەوروبەری شار لەپشتەوە موماره‌سەی سێکسیم لە گەلٚ کردوە . بۆ یە من وەك کەسێکی ناسیاوت پێت دەلێم واز لەو کچەبێنە . چونکە تازە فێری رابواردنن بوە ناتوانی تەرکی بدا. چەندین بەلگەیتریشم لایە ئەگەر ویستت نیشانت ئەدەم . لە خویندنەوەی نامەکە بومەوە چاوم تاریك بو هیچم نەدی . مامیشم هات ووتی خێراکە ئەو خەلکەم وەستاندوە بابڕۆین . . منی بینی پەشۆکاوبوم پیووتم چیە بۆ پەشۆکاوی ...هیچ نیە . مامە بائەمرۆ کارەکەمان دواخەین . . چۆن دەبێت ئیستا ئەو مالە چاوەڕێمان دەکات . . ئاخر مامە . . مەوزوعێك هەیە دوای پێت دەلێم . . رۆلە تو یاری بەم خەلکە دەکەی مەوزوعی چی بۆ چەند رۆژە باست نەکردووە ئیستا باسی دەکەی . . مامە وازبێنە من ژنناهێنم . . ناچین، من ئێستا تەلە تەلەفۆنیان بۆ دەکەم پێیان دەلێم نایە . . مامم زۆر تورە بۆز. ناچار بوم نامەکەم دایە دەستی . . خوێندیەوە ووتی تۆ ئەو کچەت خۆشدەوێت ؟ پێش نامەکە بە قەد هەموو دونیا بەلاٚم ئێستا نا . . ئەگەر خۆشت دەویٚ گوێمەدەرە ئەم قسانە ئەگەر نا ...رۆلە تو چی دەلٚی وادەکەین ژن بۆ تۆ دەهێنین ناچین. . دوای ئەوەی مامم لە ژورەکەم چووە دەرەو ویستم بلێم . نا. . نا مامە دەچین، بەلام دیسان وینەکانی کەوتنەوە بەرچاوم. . پاش ماوەیەك مامم هاتەوە ووتی دەبرۆ تەلەفۆن بۆ ئەوە مالە بکە پێیان بلێناهین باچیتر چاوەڕوانیمان نەکەن . بەلام پێیان بلٚی لە بەر ئەوە بوە. . ناچار چوومە مالٚ دراوسێکەمان . زەنگی تەلەفۆنی مالٚی سەیرانم لێدا. . دایکی تەلە فۆنەکەی هەلٚگرت داوای سەیرانم کرد . . پێم ووت تووئەو (....) کورە دەناسی سەیران ووتی نا. . ئەمە کێیە . . ووتم بەمالٚەوەتان بلٚی ناهێن هەندی وینەی تۆش لایمنە بۆ دەنێرمەوە. . سەیران ووتی وینەی چی وکەوتە گریان...تەلە فۆنەکەم داخستەوە.

بەبیٚ مالٚئاوایی...پاش مانگێك دوای ئەوەی لە بارێکی ئالۆزی دەرونی خەراب دەژیام بۆم دەرکەو کە ئەو وێنانە لەرێگاری بەرنامەی کۆمپویتەری والێکراون وئەو کوڕەی ئەونامەی هێنابوو. . خزمێکی مالٚی سەیران بو دووجارچووبوە داوای . سەیران شوی‌پێنەکردبوو...ئێستا زۆر پەشیمانم نازانم چی بکەم جارێکی تر لەڕوم نایەت . . مالٚ سەیران بدوێنم ...نازانم تاکەی چاوەڕواندەبم. .